# گۆڕی حەسەن زیرەك دەکرێتە پارك



شارەوانی بۆکان بەمەبەستی بەرز
راگرتنی یادی حەسەن زیرەك
هونەرمەندی بەناوبانگو
کۆچکردووی کورد، پرۆژەی
دروستکردنی پارکی زیرەکی
لەتەنیشت گۆڕی ئەو هونەرمەندە
راگەیاندو لەلایەن حوسێن زیرەك
برای ئەو هونەرمەند پرۆژەکە
کرایەوەو دەستپێکرا. لەرێوڕەسمی
کردنەوەی ئەو پرۆژەیە خاتوو میدیا
زەندی حەسەن زیرەکیش ئامادەبوو
و پەردەیان لەسەر پەیکەرێکی نوێی
حەسەن زیرەك لادا کە لەلایەن
پەیکەرسازی کورد هادی زیائەدینی
دروستکراوە. هەروەها
لەرێوڕەسمەکەدا راگەیێنرا کە پارەی
تەرخان کراو بۆ ئەو پرۆژەیە ١٢٠
ملیۆن تمەنە.